ewinebook.blogfa.com



لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی:

# ڕێبازە ئەدەبییەکان

پرۆفیسۆری یاریدەدەر

دکتۆر ئازاد عەبدلواحێد کەریم

کوردستان – کەرکوک

2008





ناوی کتێب: ڕێبازە ئەدەبییەکان

بابەت: لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی

ناوی نووسەر: دکتۆر ئازاد عەبدلواحێد کەریم

کتێبی

دیزاین:

سەرپەرشتیی زنجیرەی چاپ:

چاپخانە:

چاپی یەکەم – 2008

## بەندی یەکەم

# ڕێبازی ئەدەبی

1-1-1: چەمك و پێناسە :

ڕێبازی ئەدەبی ، یان قوتابخانەی ئەدەبی،کۆمەڵێك ئەدگارو پرەنسیپی ئاكاری و ئیستاتیكی و هزرییە ، كە پێكەوە لە یەكەیەكی وێكگونجاودا ، لە ماوەیەكی دیاریكراودا، كۆمەڵە دەقێك بەرهەم دەهێنرێت ، كە سیمایەكی پێشكەوتووترو جیاوازتری هەیە لەوانەی پێشووتری .

ڕێبازی ئەدەبی بنەمایەكی نەگۆڕو پرەنسیپێكی جێگیرو ڕێسایەكی تایبەتیی هەیە ، كە بە بەردەوامی گۆڕانكارییەكان لە سەرخانی هەر كۆمەڵگایەكدا ، هەمیشە بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە .

مەبەست لە ڕێباز یان قوتابخانەی ئەدەبی (سەرجەم ئەو شەپۆل و ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییانە دەگرێتەوە ،هەروەها دیاردەی داهێنان





و ڕووكاری ئیستاتیكییان پێوە دیارە،لەڕووی ڕەخنەیی و داهێنانەوە )[1] .

ڕێبازی ئەدەبی سەرجەم بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەكانی وەكو مۆزیك و وێنەكێشان و داتاشین و جلوبەرگ و دیوار ڕازاندنەوەو ستایلەكانی بیناسازی دەگرێتەوە، لە هەمان كاتدا دەرەنجامی فەلسەفەی پێشكەوتن و گەشەسەندنی میللەتێكە لەڕووی دیدی بە جیهانیبوون ، هەروەها دەربڕی هەڵوێست و ئارمانج و چارەنووسی هەمان میللەتیش دەكات بەرامبەر بە ڕووداوە كۆمەڵایەتی و ڕامیاری و زانستی و ئابوورییەكان .

بەڵام گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت كە مەبەست لە ڕێبازی ئەدەبی ، جۆرو چەشنی ئەدەبی نییە،بەڵكو مەبەست لە چەند ڕەوتێكی

(1) د . ميشال عاصي ، الفن و الادب ، الطبعة الثالثة ، مؤسسة نوفل ، بيروت- لبنان ، 1980 ، ص 195 .

ewinebook.blogfa.com



ئیســـــتاتیکیو شـــــێوازگەرییە،بە مەبەســــــتی داهێنانێکی فیکری و جوانکاری .

## 1-2: سەرهەڵدانی ڕێبازی ئەدەبی:

### 1-2-1: هۆکاری مێژوویی:

هیچ کاتێك بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی لە کۆمەڵگاو ژینگە دانابڕێت ، داهێنەری دەقی ئەدەبیش،تا ڕادەیەك پابەندی داب ونەریتی ئەو کۆمەڵگایەیە ، کە تێیدا دەژی،واتا دەبێت بە بەشێك لە ژینگەو بازنەی ڕووداوەکانی دەوروبەری،پێی کاریگەر دەبێ و کاریشی لێدەکات ، بەهەمان شێوە دید و بۆچوونەکانی لەمیانەی خواستە هەنوکەییەکان و بابەتە پێشبینی کراوەکانەوە بەرجەستە دەکات .

ڕێبازی ئەدەبی ، بەرهەمی پێکهاتەیەکی بە کۆمەڵە،بەو مانایەیەی کە کارێکی تاك ڕەهەندی نییە ،کە تاکە کەسێك – دەقنووس – بە تەنها





بیرۆکەی بابەتەکەی لەلا گەڵاڵە بێ و بە ئەرکێکی تاکەکەسیش دانانرێت ،هەر لەو ڕوانگەیەوە ڕێبازی کلاسیزم بە ئەدەبی تایبەت بە ((**چینی ئەرەستۆکرات**)) ناو دەبرێت ، ڕۆمانتیکییەتیش بە ((**نەخۆشیی سەردەم**)) و ڕیالیزمیش بە (( **دەنگی کۆمەڵ** )) و (( **فۆتۆکۆپیی واقیعی گەلان** )) ناوزەد کراوە.

هیچ ڕێبازێکی ئەدەبی لەخۆیەوە نایەت و هەرواش بە ئاسانی لەناوناچێت ، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری مێژوویی و ئابووری و تەنانەت سیاسی و ئایینیش زەمینەسازی دەکەن لە سەرهەڵدان و لەناوچوونی ڕێبازی ئەدەبی ، ئەو هۆکارانەش بریتین لە:

1- **گۆڕانکاریی مێژوویی لە قۆناغە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، لە ئەنجامی بەرپابوونی شەڕوشۆڕو ململانێی سیاسی .**

2− گەشەسەندنی ژێرخانی ئابووری ، کە دەرەنجامەکەی دەبێتە هۆی گۆڕینی سەرخانی ئەدەبی و هزری و زمانەوانی و مێژوویی هەر میللەتێك .

3− پەیدابوونی ململانێی فیکری و سیاسی و ئەدەبی و مێژوویی لەنێوان دوو شارستانییەتی جیاواز ، کە دەبێتە هۆی پەیکوڵی کردن بە مەبەستی ناوبانگی دەرکردن . بۆ نمونە ئەو سەرچاوە ئەدەبییە گریکی و ڕۆمانییەی کە هەتا ئێستا لە ئەدەبییاتی جیهانیدا لاسایی دەکرێنەوە .

4− قبولْ نەکردنی بیرو ستایلی کۆن ، بە مەبەستی داهێنانی نویْ ، بەو مانایەی کە تەقلیدییت ڕێگرە لەبەردەم داهێناندا .

5− دەرەنجامە نێگەتیڤییەکانی شەڕو جەنگە گەورەکان،کە کۆمەڵگا بە ئاراستەی





داڕووخان و لەبین بردن دەبەن ، وەکو هەردوو جەنگە جیهانییەکەو شەڕی ساردی نێوان دوو جەمسەری مارکسیزمی ڕۆژهەڵاتی و سەرمایەداریی ڕۆژئاوایی .

6. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو شێوازەکانی گەیاندن و ئاسانکاریی لێکگەیشتن لەنێوان کۆمەڵگا جیاجیاکاندا.

7. سەرهەڵدانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلان ، کە دەخوازێت ئەدەبیاتێکی تایبەت بە قۆناغە جیاوازەکانی سیاسەت پەیدا ببێت .

8. لەیەك نزیکبوونەوەی بیرو لە یەکچوونی بابەت و خواستی میللەتان ، لەچوارچێوەی ڕێبازێکی ئەدەبی کە داواکارییەکانی کۆمەڵانی خەڵك بەدی بهێنێت .

9. لە ئەنجامی شاڵاوەکانی داگیر کردن و چەوساندنەوەو ژێردەست کردنی گەلان ،

ewinebook.blogfa.com



**ڕێبازی ئەدەبیی ئەلتەرنەتیڤ دێتە کایەوە ، کە ڕەنگدانەوەی قۆناغە نوێیەکە بێت .**

1. **دروستبوون و گرێدانی دەسەڵاتی سیاسی و وڵات و هەرێمەکان ، شەپۆڵ و ڕێبازی ئەدەبی و هونەری و فیکری نوێ دروست دەکات .**

سەرهەڵدانی هەر ڕێبازێکی ئەدەبی ، پشت بە بنەما گشتییەکەی ئەدەب دەبەستێت، لەو ڕوانگەیەوە هەر دەقێکی ئەدەبیی داهێنراو ، زیاتر ناوەڕۆك و بابەتەکەی دەگۆڕێت نەوەك فۆرمەکەی ، بەو مانایەیەی کە هەر داهێنانێکی نوێی ئەدەبی ، دیوی ناوەوەی پرۆسەی وێژدانیی دەقنووسەکە دەستنیشان دەکات،کەواتە سەرهەڵدانی هەر ڕێبازێکی نوێ،گۆڕینی ناسنامەی ئەدەبە بە شێوازو ستایلێکی نوێتر.





ڕەخنەگرانی ئەدەب لە دەستنیشان کردنی ناسنامەی هەر ڕێبازێکی ئەدەبیدا،ئەدگارەکانی دەق و تەکنیکی داڕشتن و شێوازی زمانەکەی دەکەن بە پێوەر،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی ناوەڕۆکی بابەتەکە دەکەن ، هەر ئەو پێوەرەشە کە ڕێبازە ئەدەبییەکان لەیەك جیا دەکاتەوە،لەگەڵ ئەوەشدا (**ژیری** ) و (**خەیاڵ**) و (**سۆز** ) یان بە گرنگترین سێ بنەمای پێکهاتەی دەق داناوە .

سەبارەت بە سەرهەڵدانی ڕێبازی ئەدەبی،هیچ ڕەخنەگرێك ناتوانێت مێژوویەکی ڕاستەقینەو دروست دەستنیشان بکات ، بەهەمان شێوەش ماوەی لاوازبوون یان نەمانی هیچ ڕێبازێك نازانرێت ، چونکە بەرهەمی ئەدەبی و تەنانەت ڕێبازەکان تێکەڵی یەکتر دەبن . لێ دەشێت قۆناغە جیاجیاکانی سنورکێش بکرێت .

### 1-3: **جیاوازی لەنێوان ڕێباز و شەپۆلی ئەدەبی**:

لەڕووی زاراوەو ئەدگارەوە ، **شەپۆڵ** و **ڕێباز** لەیەك جیاوازن :

**ڕێبازی ئەدەبی** : لە قۆناغێکی دیاریکراودا ، لەسەر بنەمایەکی پتەوو بە یاساو ڕێسایەکی نەگۆڕەوە سەرهەڵدەدات ، وێڕای ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە چوارچێوە تەکنیکییەکەی خۆی دەمێنێتەوە ،زۆرجاریش وا دەبێت کە تێکەڵ بە ڕێبازەکانی تری پێش ، یان پاش خۆی دەبێت .

**شەپۆڵ** : لە ماوەی گۆڕانکارییەکی سەرپێییدا،بەبێ بنەماو یاسایەکی سنوردارو نەگۆڕ سەرهەڵدەدات،زۆرجاریش سەرهەڵدانی شەپۆلی ئەدەبی بەندە بە گۆڕانکارییە هەنووکەیی و سیاسییەکانەوە ، کە پاش نەمانی ئەو هۆکارانە،





ئەو شەپۆلانە بەرەو لاوازی و نەمان دەچن ، واتە ماوەی بەردەوامیی شەپۆڵ کورترە لە ڕێباز .

# بەندی دووەم

# کلاسیزم

### 2-1-1: چەمك و پێناسە:

کلاسیزم سەرەتای ڕێبازە ئەدەبییەکانە ، کە لە سەدەی شانزەهەم ، لە پاش بزاڤی بووژانەوەی زانستی لە ئەوروپا سەری هەڵدا ، کلاسیزم لەسەر بنەمای زیندووکردنەوەو لاساییکردنەوەی ئەدەبیاتی

ewinebook.blogfa.com



گریکی و لاتینیی کۆن ، لەڕووی ئەدگاری تەکنیکی و بەها مرۆڤایەتییەکان بەرجەستە بوو ، هەر لەو ڕوانگەیەوە ڕەخنەگران و پسپۆڕانی ئەدەب نهێنیی مانەوەو بەردەوامیی ئەو ڕێبازەیان دەستنیشان کردووە ، زووتر ئەرەستۆ و هۆراس لە کتێبی ((**گوتار**)) و (( **پۆیتیکا** )) دا جەختیان لەسەر ئەو بابەتە کردووە .

کلاسیزم  زاراوەیەکی بێ سنوورە ، هەرچەندە زۆریش بڵاوە ، ناتوانرێت کلاسیزم وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی بە سەردەم و کاتێکی دیاریکراوەوە ببەسترێتەوە ، بەڵام بە سەرجەم ئەو بەرهەمە ئەدەبییە مەزن و شاکارانە دەناسرێتەوە ، کە لەماوەیەکی دیاریکراو لەلایەن چەند کەسانێکەوە نووسراونەتەوە .

بە شێوەیەکی گشتی ، کلاسیزم دەربڕی چەند بیروبۆچوونێکی باڵاو هەست و سۆزێکی نەمرە ، کە





بە سیستەم و شێوازێکی تەکنیکیی قەشەنگ نووسراونەتەوە ،بەرهەمە کلاسیکییەکان بەدەرن لە غەریزەی مرۆڤ و پابەندی یاساو ڕێسای تایبەتن .

لەڕووی ڕەخنەییەوە ، بۆ یەکەمجار زاراوەی کلاسیزم لە بەراییەکانی سەدەی نۆزدەهەم ، لە ساڵی ( 1818 ) لە ئیتاڵیا سەری هەڵدا ، پاشان بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ئەوروپا بڵاوبووەوە ، بەڵام لەڕووی بەرهەم و پراکتیکەوە ،هەر لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەهەمەوە،وەکو ڕێبازێك بەردەوام بوو ، بێ ئەوەی وەکو زاراوەی ( **کلاسیزم** ) ناوزەد کرابێت.

مەبەست لە زاراوەی کلاسیزم ، ( **پۆل** ) یان (**چین**) دەگەیەنێت ، سەرەتا مانای ئەو شاکارە بەناوبانگەکانی ئەو ئەدیبانەی دەگەیاند ، کە لە قوتابخانەکاندا دەخوێندران ، یان بە بەرهەمی ئەدەبیی ئەو ئەدیبە ناسراوانە دەگوترێت ، کە لە سەدەی هەژدەهەم بە دەقە نەمرو نایابەکان

دەناسرانەوە ، بەو مانایەی کە ئەو ئەدیبانە سەر بە چینی بالاّی قوتابخانەی گەورە شاعیرانی گریك و ڕۆمان بوون ، پاشان ئەو زاراوەیە بوو بە ڕێبازێکی دیاریکراو ، کە شێوازو تەکنیك و بنەمای تایبەت بە خۆی هەبوو ، ( **مەدام دۆستایل**) ی ڕەخنەگری فەڕەنسایی،یەکەمین کەس بوو کە لە کتێبی ( **لە ئەڵمانیاوە – Del,allemagne** ) ئەدگارەکانی کلاسیزمی دەستنیشان کرد.

ڕێبازی کلاسیزم هەر لە سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەسەندنییەوە ، بە سیستەمە تەقلیدییەکان و چینی ئەرەستۆکراتی دەسەلاّتی بەربەرەڵلاّی پاشایەتییەوە بەستراو بوو،چونکە بەڕای کۆمەڵگاوە ، ئەو لایەنانە خاوەن زەوقێکی جوان و بالاّ بوون ، هەر لەو ڕوانگەیەوە ،(**ڤۆڵتێر**) بە ڕاشکاوانە خۆی بە یەکێك لە لایەنگرانی سەردەمی شا لویسی چواردەهەم ( 1661–1685) دەزانێت ، بۆیە لە





زۆربەی نووسینەکانیدا ، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت شارستانێتیی ئەرەستۆکراتی بە هەر شێوەیەك بێت،پابەندی جۆرێك لە کلاسیکییەت بێت .

### 2-1-2: ڕەگ وڕیشەی کلاسیزم:

دەکرێت لەڕووی بوونی دەقی ئەدەبییەوە ، جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە ، کە سەرەتاکانی دەستپێکردنی ڕێبازی کلاسیزم بۆ سەدەی سیانزەهەم دەگەڕێتەوە ، کە لەگەڵ شاکارە مەزنەکانی ( **دانتی** ) ی شاعیری گەورەی ئیتاڵیایی خاوەن (**کۆمیدیای خواوەندی** ) سەری هەڵداوە،کە لەمیانەی ئەو بەرهەمەوە ، لە سەدەی دوانزەهەم و سیانزەهەمدا بناغەی تیۆرێکی شیعریی پاشکۆیی داناوە،بەتایبەتی لە بەرهەمی ئەدیبەکانی پاش

ewinebook.blogfa.com



خۆی، بۆنمونە ( **پێترارك** ) کە لە سەدەی چواردەهەمدا ژیاوە ، یەکەمین کەس بوو کە بە زمانی ئیتاڵیایی بەرهەمەکانی خۆی نووسیوەتەوە ، هەر بەوەش بەناوبانگ بووە، کە داوای زیندوو کردنەوەی کلتور و ئەدەبیاتی پێشینان (**گریکی و لاتینی** ) ی کردووە ، هەروەها (**بۆکاچیۆ– سەدەی چواردەهەم** ) کە زمانی گریکیی خوێندووەو شارەزاییەکی باشیشی لە ئەدەبی لاتینی هەبووە ، بەڵام بە زمانی ئیتاڵیایی کاریگەر بووە ، بۆیە شاکاری ئەدەبیی (**دی کامیرۆن** ) ی وەکو ئەدەبێکی باڵای سەبارەت بە کۆمەڵگای ئیتاڵیایی نووسیوەتەوە.

پاش داگیرکردنی ( **قوستەنتینییە** ) لەسەر دەستی سوڵتان ( **محمد الفاتح** ) لە ساڵی ( **1453** ) ، زۆربەی زانایانی گریك بە دەستنووسەکانیانەوە بەرەو ئیتاڵیا هەڵاتن ، لە زانکۆکانی ئەوێ دەستیان بە خوێندن کرد و هەر لەوێش شاکارە زانستی و





ئەدەبییەکانیان بڵاوکردەوە،لەو هەوڵەشیاندا بوونی چاپەمەنی یارمەتییەکی زۆری دان .

**2-1-3: سەرهەڵدانی کلاسیزم:**

ڕەخنەگرانی ئەدەب ، بەپێی بوونی دوکیۆمێنت و دەقی ئەدەبیی ڕەسەن ،سەرەتاکانی دەستپێکردنی ڕاستەقینەی ڕێبازی کلاسیزم بۆ سەدەی شانزەی زایینی دەگەڕێننەوە،بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی ( **1515 – 1610**).

لەڕووی ڕەخنەییەوە ، ماوەی نێوان ئەو ساڵانە،کە بە (**سەردەمی بووژانەوە** ) دەناسرێتەوە،سەردەمی بووژانەوەو سەرهەڵدانی هونەر و ئەدەبیات بوو ، بەڵام ئەو ماوەیە زۆر پێویستی بە گۆڕانکاری هەبوو ، چونکە بەردەوامیی بزاڤی هونەری و ئەدەبیی سەدەی دوانزەو سیانزە بوو، کەچی ئەوەندەی پێ نەچوو ، بەهۆی شەڕی درێژخایەنی نێوان ئیتاڵیاو فەڕەنسا ، ئەوبزاڤە بەرەو

لاوازی چوو ، کە دەرەنجامەکەی لەیەك کەوتنی نێوان هەردوو شارستانییەتەکە بوو ، بۆیە زووتر فەڕەنساییەکان خوویان دایە تاوتوێ کردن و لێکۆڵینەوە لە دەقە گریکی و لاتینییەکان ، لەو پرۆسەیەشدا دوو هۆکار یارمەتیدەر بوون :

**1– پەرەسەندن و پێشکەوتنی شێوازەکانی چاپەمەنی لە فەڕەنسا .**

**2– دەستپێکردنی پرۆسەی پاکسازی و ڕیفۆرمی پرۆتستانتی .**

هەر ئەو هۆکارانەش بوون ، کە پرۆسەی ڕەخنەی ئەدەبییان پێشخست و دەقە ئەدەبییەکانیش کەوتنە بە باس و خواسی فەلسەفەو ئاییینەوە .

پاش ئەو ماوەیە ، بەتایبەتی لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەهەمەوە ، سەنتەری چالاکیی ڕێبازی کلاسیکی لە ئیتالیاوە بەرەو فەڕەنسا چوو ، هەرچەندە کلاسیزم سەرتاپای ئەوروپای گرتبووەوە ،





بەلاّم زیاتر لە فەڕەنسا سیماکانی ئاشکراو ڕوونتر بوون ، بۆیە زۆربەی زۆری بەرهەمە کلاسیکییەکان بە زمانی فەڕەنسایی بوون .

## 2-2: سەرەتاکانی کلاسیزمی فەڕەنسایی:

شیعری کلاسیکیی فەڕەنسایی لە سەدەی شانزەهەم بەسەر سێ قۆناغ ، یان سێ قوتابخانەدا دابەش دەبێت ، کە لە هەر قۆناغێکدا ڕابەرو ناودارانی خۆی هەبووە ، ئەو قۆناغاناش ئەمانەی خوارەوەن:

### 1-2-2: قوتابخانەی (کلیمان مارۆ 1544-1407) ی شاعیر:

بەرهەمە شیعرییەکانی **مارۆ** بە قۆناغی گواستنەوە دادەنرێت لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ چاخی ڕێنیسانس ، مارۆ سەرەتا بایەخێکی تەواوی بە

ewinebook.blogfa.com



رەوانبێژیی تەقلیدی دەدا،بەڵام پاشان بوو بە مێژوونووسی دەرباری کۆشکی پاشایەتی،شیعرەکانی نمونەی باڵایی و پڕ لە ڕاستی بوون ، ( **ڤێرجیل** ) و (**ئۆڤید**– Oveed ) نمونەی باڵای شیعر بوون لەلای مارۆ،بەرهەمەکانی ( **پێترارك** ) ی بە زمانی ئیتاڵی خوێندەوە ، بە زمانی فەڕەنسایی شیعری دەنووسی،ساڵی 1526 لە بەندیخانەوە شیعرێکی بەناوبانگی بۆ ( **لیۆن** ) ی هاوەڵی نووسی ، کە نمونەی بەرزی و باڵایی شیعرە.

2-2-2: **قوتابخانەی لیۆن ):**

لە سەدەی **شانزەهەمدا** ، شاری ( **لیۆن** ) ی فەڕەنسایی بووبوو بە بە پایتەختی هونەرو ئەدەب و چاپەمەنی ، کە شانی لە شانی ( **پاریس** ) دەدا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر نزیکی لە ئیتاڵیاوە ، ئەدیبانی لیۆن بە بەرهەمەکانی ئەدیبە





ئیتاڵیاییەکان کاریگەر بووبوون ، ئەدیبەکانی ئەو قوتابخانەیە ( **ئەی . هێرۆیە** – **A . Heroét**) و (**مۆریس سێڤ** – **M . Séeve** ) و ( **خاتوو لویز لابیە** – **L . labbé**) بوون .

3-2-2: **دەستەی پلیاد** – laPléade(**دەستەی سورەییا ):**

ئەو دەستەیە لە **ناوەڕاستەکانی سەدەی شانزەهەم** دامەزراوە ، چالاکییەکانی هەتا کۆتایی سەدەکە بەردەوام بوو، ئەندامانی دەستەکە ( **ڕۆنسار – Ronsard – 1585**) و (**یواکیم دۆبیللی – 1560** ) و ( **ڕیمی بیللۆ –1577** ) و (**ئەنتوان دو باییڤ – 1530** ) و ( **بۆنتۆس دو تیار – 1603** ) و ( **گۆدێل – 1660** ) و ( **جان دورا – 1588** ) بوون .

**ڕۆنسار** لە کتێبی ( **هونەری شیعر** ) دا ، داوای لە شاعیران دەکرد زمانی ڕۆژانەی خاوەن پیشەکانی

وەکو دارتاش و سەرتاش و کرێکارانی کانەکان و دروێنەچییەکان وبەیتاڵییەکان بەکار بهێنن ، هەتا بتوانن زمانێکی ئامێتە لە دەستەواژەو وشەی نزیك لە کۆمەڵانی خەڵك بخوولْقێنن،بەرهەمەکانی ڕۆنسار ڕەنگدانەوەیان بەسەر (**شاتۆبریان**)ەوە هەبوو .

2-2-4: **سەردەمی نوێکردنەوە (مالێرب** 1555-1638):

**مالێرب** بە تەنها بە قوتابخانەیەکی ئەدەبیی سەربەخۆ دادەنرێت ، کە بناغەی نوێکردنەوەی شیعری فەڕەنسایی دانا،کە بنەماکانی لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەهەم دەرکەوت، هەروەها زنجیرەی پێکەوە گرێدانی نێوان دەستەی **پلیاد** و **کلاسیزمی ڕاستەقینەی فەڕەنسایی** بوو ، **مالێرب** ڕەخنەی لە شێوازی ئەدەبیی ڕۆنسارو دەستەی پلیاد دەگرت،لە کتێبی ( **هونەری شیعر** ) دا ، داوای لە شاعیران کرد کە خەسڵەت و کلتووره نەتەوایەتی





و نیشتمانییەکانی فەڕەنسا لە شیعرەکانیاندا بەکاربهێنن،بیروبۆچوونێکی گرنگی سەبارەت بە ڕیتمی شیعری هەیەو سەرجەم بەرهەمە تەقلیدییەکانی ڕەت کردەوە ، هەوڵیشی دەدا خۆی لە ئەدەبییاتی گریکی دووربخاتەوەو زیاتر بایەخی بە شاکارەکانی ئەدەبیاتی لاتینی دەدا ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە بە دەقە کلاسیکییەکان کاریگەر بووبوو ، ( **پوالۆ – Puallo** ) ڕەخنەگری بەناوبانگ وتوویەتی: (ئەوە مالێربیش هاتە پێشەوە ... ).

2-3: **سەردەمی زێڕینی کلاسیزم**:

پاش مردنی مالێرب ، لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەم ، کلاسیزمی فەڕەنسایی گەیشتە لوتکەی پەرەسەندن ، ئەو قۆناغەش بەسەر دوو ماوەدا دابەش دەبێت:

1- **ماوەی گەشەسەندن لەنێوان ساڵانی** 1660-1688:

ewinebook.blogfa.com



لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك هۆکار هەبوون ، کە زەمینەسازییان بۆ گەشەسەندنی کلاسیزمی فەرەنسایی کردبوو ، لەوانە:

**یەك: هۆکارە ناوخۆییەکان:**

- دەسەڵاتی بەهێزی شا لویسی چواردەهەم، کە خاوەنی گوتە بەناوبانگەکەکەی ( **من دەوڵەتم** ) بوو،هۆکاری یەکەمی گەشەسەندنی بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانی و سیستەمی کارگێڕی و ئەدەب و هونەر بوو ، بەتایبەتی سەرپەرشتییەکی تەواوی ( **کۆرنییە** و **ڕاسین** و **مۆلێر** و **پوالۆ** و **فینیلۆن** و **بۆسوپییە** و **سان سیمۆن** ) ی دەکرد .
- پشتیوانی کردنی دەستەبژێری کۆمەڵ لە ئەدیبانی فەرەنسا ، بەتایبەتی دەست و پێوەندەکانی پاشاو چینی بۆرژواو پیاوانی کۆشك و دەسەڵات .





**دوو: هۆکارە دەرەکییەکان:**

- دوانەدەری و وتووێژە ئاینییەکان لەنێوان پسپۆرانی ڕەوتی ئاینزاکانی پرۆتستانت و کاتۆلیك و جانسینییەو سۆفینیزمەکان ، کە ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبییاتی (**بۆسوپییە** و **فینیلۆن** و **ڕاسین** و **پوالۆ** ) دا هەبوو .
- کاریگەریی ئەدەبیاتی ئیتاڵی ، بۆنمونە کاریگەریی (**لاتاس**) و (**سێرڤانتس** و **لوپی دی فیگا** و **کالدیرۆن** ) لەسەر ئەدەبیاتی فەرەنسایی.

2- **ماوەی گواستنەوە ، لەنێوان ساڵانی** 1688- 1715:

ماوەی گواستنەوەی کلاسیزمی فەرەنسایی بوو، لە قۆناغی لاساییکردنەوەو سەربەسەریی ئەدەبیاتی ئیتاڵیایی بۆ تایبەتمەندێتی و بوون بە ئەدەبیاتێکی نەتەوایەتی.

2-4: **ئەدگارەکانی کلاسیزم**:

**2-4-1: ڕاستەقینەیی ناوەڕۆك:**

واتا دەبێت سەرچاوەی هەموو دەقێکی کلاسیکی لە واقیعەوە هەڵبقوڵێت و بەدەر بێت لە ڕووکاری ئەفسانەیی و پڕوپوچ،کەواتە دەقە کلاسیکییەکەکان زیاتر لە ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵەوە سەرچاوە وەردەگرێت . ڕاستە وێنە لەلای شاعیر جارناجارێك وەکو خەیاڵ بەرجەستە دەبێت،بەڵام لە ڕێبازی کلاسیزمیدا بوونی بۆ نییە ، کەچی شاعیر ئامێتەیەك لە بوونێکی بەرجەستەیی و فەنتازیای خەیاڵ لە مێشکی خوێنەردا دروست دەکات ، کە لەسەر بنەمای پارسەنگی دەبێت لەنێوان ڕەگەزەکانی ئەقڵ و ، خەیاڵ و نەستدا ، بە ڕێژەیەك کە ژێری بەرجەستەیەو هەردوو ڕەگەزی خەیاڵ و نەستیش ئامادەییان هەیە[1].

(1) د . میشال عاصي ، الفن و الادب ، ، ص 199





**2-4-2: لۆژیك تێیدا باڵادەستە:**

مەبەست لە عەقلانییەتی دەقە ، ئەگەر وابێت هەموو دەقێکی شیعری مێشکی خوێنەر بەرەو دنیای خەیاڵ کێش بکات ، کەواتە چۆن دەتوانین جیاوازی لەنێوان شتە ڕاستەقینەکان و خەیاڵاوییەکاندا بکەین ، لە کلاسیزمدا لۆژیك باڵادەستەو ڕووداوەکان بە مەنتیقی دەگێڕدرێنەوە ، خەیاڵیش بە پلەی دووەمی پاش بەرجەستەکردنی ڕاستییەکان دێت ، بێ ئەوەی ڕاستیی وێنەکان بشێوێنێت.

**2-4-3: لاساییکردنەوەی پێشینان:**

ئەدیبانی پێش سەدەی حەڤدەهەم بە چاوی ڕێزەوە دەیانڕوانییە ئەدیب و نووسەرە گەورەکانی گریك و لاتین،هەروەها بە ڕابەڕانی ڕاستەقینەی جۆرە ئەدەبییەکانیان دادەنا،پوالۆ وای بۆ چووە کە پێکهاتەی ئەقڵییەتی ئەدەبیی پتەوو کۆك لەسەر

ewinebook.blogfa.com



بنەمای لاساییکردنەوەی پێشینانەوە دەبێت، چونکە ئەوان زیاتر لە خەڵکی لە سروشتەوە نزیکتر بوون ، بە لاسایی کردنەوەی بەرهەمەکانی ئەوان ،زەمینەیەکی پتەو بۆ نەوەکانی داهاتوو دەڕەخسێت ، لاڤۆنتین وتوویەتی: (( ئاگادار بن ، ئەگەر شێوازێکی تری جگە لە شێوازی پێشینانت گرتەبەر، گومڕا دەبیت ...)) .

**2-4-4: کاریگەر بوون بە ئایینی مەسیحی:**

ئەدیبانی کلاسیزم بە لاساییکردنەوەی پێشینان،زەمینەیەکی فراوانی هاوبەشیان لە مێژوو ئاکار لەلا گەڵاڵە دەبوو ، کە لە بەهاو پێوەرەکانی ئایینی مەسیحییەوە سەری هەڵدابوو ، بۆیە کاریگەریی ئایینی مەسیحی زۆر بە ڕاشکاوانە بەسەر بەرهەمی ئەدیبانی کلاسیزمەوە دیاربوو،چونکە پێیان وابوو کە مەسیحییەت دەروونە پیسەکان لەناوەوە پاك دەکاتەوە و ((





نیعمەتێکی خواوەندی و قەدەرێکی جاویدانی و سەربەستیی هەڵبژاردنیان پێدەبەخشێت ))[1].

**2-4-5: بە تەکنیك کردنی دەق:**

یەکێك لە ئەدگارە سەرەکییەکانی شیعری کلاسیکی،ئەوەیە کە بەپێی چەند پێوەرو یاسایەکی تەکنیکی سنوور بۆ دەقی شیعری دادەنێت ، بەو مانایەی کە دەقی کلاسیکی پابەندی یاساکانی ئەدەبیاتی گریکی و لاتینیی کۆن دەبێت .

**2-4-6: تەیار کردنی بەها ئاکارییەکان:**

مەبەست لە بەها ئاکارییەکان ، پابەندبوونی شاعیرانە بەو دابونەریتە کۆمەڵایەتی و ئایینییانەی کە لە کۆمەڵگادا هەن،بۆیە شاعیری کلاسیکی خۆی بە یەکەمین پێگیر دادەنێت لە کۆمەڵگادا ، کە ئەو خووڕەوشت و ئاکارانە جێبەجێ بکات.

---

[1] ئەو بۆچوونە بەپێی تیۆرێکی ( جانسینیۆس )ی مەسیحی ڕاڤەکراوە ، کە دواتر بە ڕێبازی (جانسینییە ) ناسرایەوە .

**2-4-7: ئەدەبێکی مرۆڤایەتییە:**

**ڕێبازی کلاسیزمی ، ڕێبازی بەرجەستەکردنی کۆژان و بیرو خواستەکانی کۆمەڵە ، هەرچەندە ڕەخنەگران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ، کە کلاسیزم سەر بە چینی ئەرەستۆکراتی و تایبەتە .**

**2-4-8: ئەدەبێکی گشتییە:**

**سەرباری ئەو گوتەیەیەی سەبارەت بە کلاسیزم وتراوە ،کە ئەدەبێکی وشکەو دوور لە خەڵکییە ، بەڵام لەبەر بەرفراوانی و هەمەچەشنەیی بابەتەکانی،وەکو ئەدەبێکی گشتی دەناسرێتەوە .**

**2-4-9: زمانی نەتەوایەتی بەرجەستە دەکات:**

**سیمایەکی گرنگی کلاسیزم ، بەرجەستەکردنی زمانێکی نزیك لە زمانی ناوچەگەرێتی و نەتەوایەتییە ، واتا زمانێکی نزیك لە تێگەیشتنی خەڵکیی سادە ، بەڵام لەڕووی زمانی شیعرییەوە ، تا ڕادەیەك زمانێکی ئیستاتیکی و گرانە .**





## 2-5:ڕابەرانی ڕێبازی کلاسیزم:

1. **مارۆ 1497- 1544: بە شاعیری کۆشکی پاشایەتیی فەڕەنسا دەناسرێتەوە،لەسایەی ( شا فرانسوای یەکەم ) و (مارگرێت )ی خوشکی دەژیا،شیعرەکانی سادەو یاکارن ، چەند جارێك بەندکراوەو هەموو جارێکیش داوای یارمەتیی پارەو مەعنەویشی لە هاوەڵەکانی دەکرد،شیعرێکی بەناوبانگی بەناوونیشانی ( بۆ لیۆن جامییە ) هەیە.**
2. **ڕۆنسار 1524 – 1585: لە ژینگەیەکی ئەرەستۆکراتی و لە کۆشکی پاشایەتی پەروەردە بوو ، پاشان چوو بۆ ئینگلتەراو**

ewinebook.blogfa.com



ئەڵەمانیاو ئیتاڵیا ، لەو وڵاتانە فێری زمانی لاتینی و گریکی بوو،ساڵی (**1540**) **دەستەی پلیاد** ی دامەزراند ، شەرە وێرانکارییەکانی ئەوروپا و دەرەنجامە سەختەکانی کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر بەرهەمەکانییەوە هەبوو،داستانی (**فرەنسیاد**)ی نووسییەوە، بەڵام تەواوی نەکرد ، بەرهەمە بەناوبانگەکانی : (**کاسندەر،هەڵاتنی گەنجەکان** ) بوو .

3. **کۆرنییە** 1606 – 1684: پەیمانگای (**یەسوعییەکان**)ی لە شاری **ڕەوان** تەواو کردو بوو بە پارێزەر ، بەڵام حەزی لە شانۆگەری دەکرد ، سەرەتا لە ساڵی (1635) کۆمیدیای (**میلیت**)ی نووسییەوە ، پاشان ڕووی لە تراژیدیا





کردو شانۆگەریی ( **میدیاو بەرێزەکە** ) ی نووسییەوە ، پاشان ( **هۆراس** و **سینا** و **پۆلیۆکت** و **پۆمپی** و **ڕۆدۆگۆن** و **نیکۆمید** و **ئۆدیێب**)ی نووسی .

4. **ڕاسین** 1639 – 1699: **لە تافی لاوێتیدا** فێری زمانی لاتینی و گریکی بوو،پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕووی لە پاریس کرد ، زیاتر شانۆگەریی تراژیدی دەنووسی ، بەرهەمە بەناوبانگەکانی (**ئەندرۆماك** و **بریتانیکۆس** و **پیرینیس** و **بایەزید** و **متریدات** و **ئیفگینیا** و **فیدەر** و **ئەتالی و ئەستەر** ) ن.

5. **مۆلیێر** 1600 – 1673: **جان پاپتیێست مۆلیێر** لە پاریس لەدایك بووە ، باوکی مافوری بۆ کۆشکی پاشا دروست دەکرد ، باوکی حەزی دەکرد مۆلیێر لەگەڵ خۆیدا

کار بکات ، بەڵام مۆلێر لەگەڵ چەند هاوەڵێکیدا تیپێکی شانۆگەرییان دامەزراند ، کە لە پاریس و چەند شارێکی تری فەڕەنسا شانۆگەرییەکانیان نمایش دەکرد ، پاشان لە پاریس گیرسایەوەو شانۆگەرییەکانی لە کۆشکی پاشایەتی نمایش دەکرد،گرنگترین شانۆگەرییەکانی:( **ژنە زاناکان** ، **دۆن جوان** ، **پیسکەی تەڕپیر**،**تەرتوف** ، **بۆرژوا خانەدانەکە**، **نەخۆشیی واهیمە** ) ن .

6.**لافۆنتین** 1621 – 1695: ناوی ( **جان دو لاڤۆنتین**)ە،بە نووسینی ( **دراما پڕوپووچەکان – lesfables** ) بەناوبانگە، بابەتی نووسینەکانی لە ئەدەبی کۆنی سەدە تاریکەکانەوە وەرگرتوە ، ئاژەڵ و مرۆڤی لە دراماکانیدا





لە شێوەی بوونەوەری پڕوپووچدا بەرجەستە دەکرد ، ( **مردنی دارەوانەکە** ) و (**گالیسکەو مێشەکە** ) ی نووسیوە .

7.**پاسکاڵ** 1623 – 1662: فەیلەسوفێك بوو لە فەیلەسوفەکانی دەستەی ( **پۆر ڕویاڵ** ) ، لە ناوەڕاستەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا ، کتێبی (**نامە پرۆڤانسییەکان – leProvenciale**)ی نووسییەوە ،کە پێکهاتووە لە هەژدە نامە ، لەو کتێبەدا پشتیوانی لە ( **ئەرنۆڵد** )ی مامۆستاو هاوڕێی دەکات ، کە بەهۆی لایەنگیری کردنی بیری جانسینیۆسییەوە دوچاری کێشە بووبوو ، پاشان کتێبی ( **بیرەکان – lespensées**) و (**بێ کۆتاییەکان**)ی لە ساڵی 1670 نووسییەوە

ewinebook.blogfa.com



8. **پۆسۆییە** 1627 – 1704: جاك پۆسۆییە گوتاربێژێکی مەسیحی بوو ، دوو کتێبی بەناوبانگی (**ئامۆژگارییەکان و شیوەنەکان** ) هەیە ، کە بە شێوازێکی جوانی گوتاربێژی و کاریگەریی جوان نووسیویەتی ، تێیدا داوای بەرجەستەکردنی ئاکارو ڕەوشتی باشی کۆمەڵایەتی دەکات .

9. **فێنیلۆن** 1651 – 1715: فێنیلۆن لە ژینگەیەکی مەسیحییانە مەزن بوو ، بەنیاز بوو وەکو نێردەیەکی مسیۆنێری بچێت بۆ ڕۆژهەڵات،بەڵام نەخۆش کەوت و نەیتوانی ، پاشان بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك ، کە ئەو کچانەی پەروەردە دەکرد کە لە فێرگە پرۆتستانتییەکانەوە هاتبوون بۆ قوتابخانە





کاتۆلیکییەکان،ساڵی **1699** کتێبی (**تیلیماك**) و (**پڕوپووچەکان** ) و (**گفتوگۆی مردووەکان**) ی نووسییەوە .

10. **پوالۆ** 1636 – 1711:

نیکۆلا پوالۆ لە پاریس لەدایك بووە ، ژیانێکی خۆش و سەربەست ژیاوەو سامانێکی زۆری هەبوو، سەرەتا پارێزەر بوو ، بەڵام خۆی بۆ نووسینەوەی شیعر تەرخان کردبوو ، ژیانی ئەدەبیی دەکرێت بە سێ قۆناغەوە:

1) **قۆناغی یەکەم:** لەنێوان ساڵانی 1660–1669: لەو ماوەیەدا کتێبی (**بالۆرەکان**)ی نووسیوە، کە تێیدا لە شاعیرە لاوازەکان دەگرێت و پشتیوانی لە شاعیرە پێشینەکانیش دەکات .

2) **قۆناغی دووەم: لەنێوان سالأنی 1669–1677:** لەو قۆناغەدا ، کتێبی ( **نامەکان** ) و (**هونەری شیعر**) و بەشێکی لە (**خوێندراوە** ) نووسییەوە ، هەروەها لەو ماوەیەشدا پەیوەندیی بە **ڕاسین** و **مۆلێر** و **لافۆنتین** کرد،لەو ماوەیەشدا لە شا لویسی چواردەهەمەوە نزیک بووەو لە کۆشکی پاشایەتی بە مێژوونووس دامەزرا .

3) **قۆناغی سێیەم: لەنێوان سالأنی 1677–1711:**

لەو قۆناغەدا ، دوا بەرهەمە شیعرییەکانی نووسیوەتەوە ، هەر لەو ماوەیەشدا بە تەنیایی و





خەمۆکییەوە مایەوە هەتا کۆچی دوایی کرد .

11. **لابرۆیێر** 1645 – 1696:

بەناوبانگترین نووسەری دەقە ڕەوشتییەکانە ، کە بایەخیان بە مۆرکی کۆمەلأیەتیی سەردەمی خۆیان دەدا ، کتێبی ( **ڕەوشت و ئاکار** ) ی لە شانزە بەشدا نووسیوە ، کە تێیدا باس لە هزر و پایەی کەسێتی و ژن و دڵ و کۆمەڵگا و هونەری گوتاربێژی و پارەو شار و پیاوە مەزنەکان و مرۆڤ و دادوەری و ڕووداوە نوێیەکانی سەردەم دەکات،بەرهەمێکی بەناوبانگی بەناونیشانی (**سامان** ) هەیە.

ewinebook.blogfa.com



## بەندی سێیەم

## ڕۆمانتیکییەت

**3-1-1: چەمك و پێناسە:**

زاراوەی ڕۆمانتیکییەت ، یان ( **ڕۆمانتیزم** – Romantisme)،لە وشەی(**ڕۆمان** – Roman ) ەوە هاتووە،مەبەست لەو چیرۆك و هەقایەتە پاڵەوانبازییانەیە کە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا ، بە شێوازی شیعرو پەخشان دەگێڕدرانەوە ، لە چوارچێوەی ئەو چیرۆکانەدا،دیمەنی قەشەنگی لادێ بە ڕووکارێکی ئەفسانەیی و شاعیرانەو بە زمانێکی سادەو پاراو دەگەیشتە خەڵکی ، بەو دەقانەش دەگوترا (**ڕۆمانتیك** ) .





بۆ یەکەمجار لە سەدەی دوانزەهەمدا ، لە ئەڵەمانیا زاراوەی ڕۆمانتیك سەری هەڵدا ، بەلاّم ماناکەی زۆر ڕوون نەبوو،وا دەبوو هەندێك جار مانای چیرۆکە خەیاڵییەکانی دەگەیاند،جارناجارێکیش وێنە ورووژاوەکانی پیشان دەدا،ماوەیەکیش ڕووە سادەو ساکارە میللییەکەی کۆمەڵگاو سوارچاکیی و خۆشەویستیی کچان و کوڕانی بە دیالێکتە ناوچەییە کۆنەکانی وەکو فەڕەنسی و ئیتاڵی و پۆرتوگالی و ئیسپانی دەگێڕایەوە ، بەلاّم پاش ماوەیەکی کەم ، زاراوەی (**دەقە ڕۆمانتیکییەکان** ) لە (**ڕۆمانس** ) جیابووەوە .

مەبەست لە **ڕۆمانس** ، ئەو چیرۆکە میللییە کۆنانەیە،کە چەند کەسانێکی وەکو سومبوڵی نەتەوەو گەلان دادەنا،بۆنمونە چیرۆکی ( **تیل ئیل شپینگل** ) ی میللیی ئەڵەمانی و ( **دۆن کیخۆتە** ) ی

(**سێرڤانتس** ) ی ئیسپانی،چیرۆکی ( **دی کامیرۆن**)ی ( **بۆکاچیۆ** ) ی ئیتاڵی.

هەرچەند ئەو دەقانە لە سەردەمێکی نزیک لە کلاسیزم نووسرابوونەوە ، بەلاّم پاشان لەگەلّ زاراوەی (**ڕۆمانتیك** ) دا هاوکات بوو ، هەر لەو ڕوانگەیەوە هەندێك لە شاعیرو شانۆنووسانی **پێش سەردەمی ڕۆمانتیکییەت** ، وەکو (**شکسپیر** و **کالدیرۆن** و **مۆلییێر** و **دانتی** و **سێرڤانتس** ) بە ڕۆمانتیك ناودەبرێن ، بەو پێیەی کە لە نووسینەوەی دەقەکانیاندا پەیڕەوی شێوازە تەقلیدییەکانیان نەدەکرد،بەڵکو بابەتی نوێیان داهێنابوو.

پاش لاوازبوونی کلاسیزم و ڕەوانەوەی بابەتە تەقلیدییەکان ، **لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و بەراییەکانی سەدەی نۆزدەهەم** ، زاراوەی ڕۆمانتیکییەت بەو شیعرانە دەوترا ، کە پێچەوانەی





ڕێسا کلاسیکییەکان بوو،واتا هەر دەقێکی شیعری کە ڕەهەندە نوێیەکانی شێوازی شیعری بەرجەستە بکات ، لەڕووی پێگیری نەکردن ، یان پابەندبوونی ناوبەناو بە کێش و زمانی شیعرییەوە ، بۆیە گۆتە وتوویەتی((**کلاسیکییەت تەندروستییەو ڕۆمانتیکییەت نەخۆشییە** )) ، ئەو ئاخافتنەی **گۆتە** لە سەردەمێکدا هات ، کە ڕۆمانتیکییەت یاران و نەیارانی خۆی هەبوو ، تەنانەت هەندێك لە شاعیرانی فەرەنسا ، هەتا ساڵی (**1818**) نەیاندەوێرا بە خۆیان بڵێن ( **شاعیرە ڕۆمانتیکییەکان** ) ،کاتێك کە ستاندالّ بە ڕاشکاوانە گوتی: (( **من ڕۆمانتیکیم !! لەگەلّ شکسپیرم و نەیاری ڕاسینم ، تاگیری بایرۆنم و دژ بە پوالۆم**)).

ڕێبازی ڕۆمانتیکییەت ، کۆمەڵێك ئەدگارو سیمای تایبەت بە خۆی هەیە ، کە لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبیدا ، پاش لاوازبوونی کلاسیزم لە

ewinebook.blogfa.com



ئەوروپا ، بە هێزێکی داهێنەرانەوە سەری هەڵداو بەخششێکی باشی هەبوو .( **گایتان بیکۆن** ) ی مێژوونووسی ئەدەبی فەرەنسایی،پێناسەی ڕۆمانتیکییەتی کردووەو وتوویەتی:

(( **ڕۆمانتیکییەت کۆمەڵە ئارەزوویەکی هاوکاتی یەك و سەربەستییەکی داهێنەرانەیە،گوێ بەوەش نادات کە چی دادەهێنێت ، بەڵام کارێکی تاکەکەسی و ڕەسەن و ناتەقلیدییە،کە لەهەمان کاتدا پێکەوە هەستی پێدەکرێت،ڕۆمانتیکییەت هونەرێکە،دروشمەکەی:هەموو شتێك ڕێگە پێدراوە بکرێت** )).

ڕۆمانتیکییەکان لاساییکردنەوەی هەموو شتێکی کۆن و تەقلیدی ڕەتدەکەنەوە ، ڕازیش نابن چاو لە نمونە شیعرییە گریکی و ڕۆمانییەکان بکەن ، چونکە بە نەیاری دادەن و دەیانەوێت خۆیانی لێ ڕزگار بکەن ، بە پێچەوانەی کلاسیزمەکان ،





دەیانەوێت بەرهەمەکانیان مۆرکی تاکەکەسیی پێوە دیار بێت و ڕەسەنایەتیی بیرو هەست و وورووژانی تێدا بێت ، کە ناوی خاوەنەکەی بزر نەکات ،واتا تەیار کردنی چەمکێکی نوێ بۆ واقیع و وەرگرتنی هەڵوێستێکی هاوچەرخانە سەبارەت بە جیهانبینی ، وێڕای ئەوەی کە لە ڕۆمانتیکییەتدا خواست و ئارەزووەکانی دڵ بەسەر بیرو هۆشدا زاڵە ، بە پێچەوانەوە لە کلاسیزمدا بیر کۆنترۆڵی سۆز دەکات.

**2-1-3: هۆکارەکانی سەرهەڵدان:**

ماوەی پاش لاوازبوونی کلاسیزم ، قۆناغی سەقامگیر بوون و سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی بوو،ڕۆمانتیکییەت لەنێو گێژاوی ململانێی هزری و دەسەڵاتی ئایینی و سیاسیی ئەوروپادا ، دووەم چوارچێوەی ئەدەبی بوو ، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم ، هەموو پرەنسیپەکانی

کلاسیزمی گۆڕی ، هەتا بە یەکجاری لەسەر دەستی (**شاتۆبریان** ) ڕێبازێکی ئەدەبیی نوێ ، بە کۆمەڵێك بنەماو ڕێسای نوێوە ، گۆڕەپانی ئەدەبیی ئەوروپای تەنییەوە .

ڕەخنەگرانی ئەدەب ، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی ، لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگای ئەوروپیدا ، لەم خالآنەی خوارەوەدا دەستنیشان دەکەن:

**یەك: خواستی گۆڕانکاری:**

بێگومان هیچ گۆڕانکارییەك لەخۆیەوە نایەت ، بێ ئەوەی زەمینەسازیی بۆ نەکرێت ، هەر لەو ڕوانگەیەوە،کلاسیزم هەندێك بنەمای ڕۆمانتیکییەتی لەخۆی گرتبوو ، هەر ئەو بنەمایانەش بوو کە وەلاّمی خواستەکانی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەی ئەوروپای دەدایەوە ، چون لە دنیای





زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ،سنوورێکی ناوبڕ لەنێوان بابەت و ڕێبازەکاندا نییە ، بۆیە هەندێك لە شاعیرە کلاسیکییەکان،لە بەرهەمەکانیاندا پەیامی نەتەوایەتی و بەرجەستەکردنی زمانی نەتەوایەتییان هەڵگرتبوو،هەروەها هەوڵی گۆڕانکاریی پێوەرە ئەدەبییە تاکڕەوەکانیشیان دەدا.

**ڕۆنسار** – کە بە سومبوڵی کلاسیزم دادەنرێت – لە بەرەوی ئەدەبیدا ، زەمینەسازیی بۆ ڕۆمانتیکییەت دەکرد،وەکو ئەوەی کە پێشبینیی بۆ سەرهەڵدانی ئەو ڕێبازە کردبێت ،(ستاندالْ)ی ڕەخنەگریش جەختی لەسەر ئەوە دەکرەوە ، کە مۆلییێر لە ناوەڕاستەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا !! نووسەرێکی ڕۆمانتیکی بوو ، بەلاّم چەند نووسەرێکی تری غەیرە فەڕەنسایی وەکو (**گۆتە**،**شیللەر**،**لیسینگ** ) پێش ئەوان خۆیان لە

ewinebook.blogfa.com



قەرەی ڕۆمانتیکییەت دابوو ، هەر ئەوانیش کاریگەرییان بەسەر ئەدەبیاتی فەڕەنساییەوە هەبوو.

**دوو: گۆڕانکارییەکانی سەردەم:**

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی لە سیستەمی دەسەلاّت و ژێرخانی ئابووری و کۆمەلاّیەتیی ، کە لە کۆتاییکانی سەدەی هەژدەهەم و بەراییەکانی سەدەی نۆزدەهەم – سەردەمی شۆڕش و ئیمپراتۆرییەتی فەڕەنسایی – لە ئەورووپادا ڕوویدا،وای دەخواست کە ئەورووپا بە ئاراستەی سەقامگیریی ڕۆشنبیری بچێت ، ئەوەبوو میزاجی گشتی و هەموو جۆرە ستایلێکی هونەری و ئەدەبی گۆڕڕان و زەمینەیەکی نویّ لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکی ئەدەبی هاتە کایەوە ، ویّڕای ئەوە شۆڕشی پیشەسازی و برەوپێدانی بازرگانی دووفاکتەری گرنگی ئەو گۆڕانکارییانە بوون .





**سیّ: شەنگستەکانی ( مبادیء ) شۆڕشی فەڕەنسایی:**

پاش بلاّوبوونەوەی بیری سیاسی و شەنگستەکانی شۆڕشی فەڕەنسایی ، دەسەلاّتێکی تازە جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتەدەست ، میللەتیش تا ڕادەیەك بە ئازادی بیروڕای خۆی دەردەبڕی ، ویّڕای ئەوەی کە هەستی نەتەوەخوازی وەکو خواستێك سەرتاسەری فەڕەنسای گرتەوە ، ئەوەش خۆی لەخۆیدا ئەگەرێکی گرنگ بوو لە نویّکردنەوەی هەست و بابەتی ئەدەبی ، بۆیە وای دەخواست کە بابەتی دڵداری و عیشق و جوانی جێگای هەموو بابەنەکانی تر بگرێتەوە .

**چوار: جەنگە وێرانکارییەکان:**

کوشتارگەلەکانی شۆڕشی فەڕەنسایی ، ویّڕای جەنگە وێرانکارییەکان لە ئەورووپا ، نەوەیەکی ئامادە کردبوو ، کە سەرباری ئەوەی گیانی نەتەوایەتیی تێدا چێنرابوو ، بەلاّم تووشی شۆك

هاتبوو ، چونکە وا هەستی دەکرد کە خیانەتی لێکراوەو دەستکەتەکانی شۆڕشی لیٚ زەوت کراوە ، بۆیە پەنای دەبردە بەر دەقە ڕۆمانسییەکان تاکو پشوو بە مێشك و زەینی خۆی بدات ، ئەلفرێد دی مۆسییە وتوویەتی: (( **من لە ساڵخوردەیی تەمەنەوە هاتووم و زۆریش دواکەوتووم**)) .

**پێنج: بنەجیٚ بوونی دیموکراسییەت:**

لەو ماوەیەی کە دەسەلاٚتی ئەدەبیی کلاسیزم لاواز بوو،لەنێو چینی بۆرژواو ناوەنددا ، کۆمەڵێك ئەدیب و هونەرمەند پەیدابوون ، بەلاٚم لە ئەنجامی کاریگەربوونیان بە شەنگست و بنەما نوێیەکانی شۆڕشەوە ، ڕوویان لە کۆمەلاٚنی خەڵك کردو پشتیان لە کۆشك و تەلارو چینی بۆرژوا کرد ، کە لە ئەنجامدا زمانی میللەتیان بەرجەستە دەکرد و چەمکی ( **تاکی کۆمەڵ**)یان بەکاردەهێنا و زمانی





دەستەبژێر و ( **سالۆنە ئەدەبییەکان** ) واز لیٚ هێنا ، کە ئەوەش داواکاریی ڕۆمانتیك خوازەکان بوو.

## 2 -3:ئەدگارەکانی ڕۆمانتیکییەت:

### 3-2-1: لەڕووی ڕوخسارەوە:

زۆرجار ڕەخنەگران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ، کە ناکرێت ڕوخسارو ناوەڕۆك لەیەك جیا بکرێنەوە ، چونکە دوو ڕەگەزی سەرەکیی پێکهاتەی دەقی ئەدەبین ، بەلاٚم شێوازی نووسین – واتا ڕوخسار – لە هەموو حاڵەتێکدا،بەندە بە جۆری بابەت و ناوەڕۆکەوە.

چونکە ڕۆمانتیکییەت وەکو بزاڤێکی نۆژەنکردنەوەی هزری ئەدەبی لەناوجەرگەی مەرجە مەوزوعییەکانەوە سەری هەڵدا ، لەبەر ئەوە وای دەخواست کە دیدێکی نوێی بۆ گەردوون و مرۆڤ هەبێت ، لە هەمان کاتدا ڕێبازێك بوو کە دەروونی کەسانی دەخوێندەوە ، هەر لەو ڕوانگەیەوە،لە دەقە

ewinebook.blogfa.com



ئەدەبییەکاندا ویست و ئارەزوو زەوقی نووسەرانی بەرجەستە دەکرد .

ڕۆمانتیکییەت هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی شێوازە ئەدەبییە تەقلیدییە گریکی و لاتینییەکان سەری هەڵدا ، تەنانەت سەردەمی کلاسیزمی نوێ و ڕێنیسانسیشی بە کۆن و بەسەرچوو ناوزەد کرد،پێیشی وابوو کە ڕۆژگاری پێشینان بەسەرچوو، بۆیە سەردەمێکی نوێ بێتەکایەوە ، کە ملکەچی زەوق و ئارەزووەکانی کۆمەڵانی خەڵك و نووسەران بێت ، گیانێکی نوێ بەبەر ئەدەبدا بکرێت،کە ئەدیبان لە کۆت و بەندو باوەکانی کلاسیزم و بابەتە تەقلیدییەکان ڕزگار بن .





لەو ڕوانگەیەوە ، دەشێت ئەدگارەکانی ڕوخسار لە ڕێبازی ڕۆمانتیکیدا ، بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان بکرێت:

**أ: لەڕووی شێوازی نووسینەوە:**

- نووسەرە ڕۆمانتیکییەکان سووربوون لەسەر سەربەستیی داهێنان و ڕادەربڕین ، بۆیە نووسینەکانیان دووربوو لە زۆر لە خۆکردن و پابەندبوون بە هەندێك ویستی نەگونجاو لەگەڵ ئەقڵییەت و زەوقی گشتی ، وێڕای ئەوەی کە بابەتەکانیان جۆراوجۆرو هەمەچەشنە بوون ، هەر نووسەرێکیش شێوازی تایبەت بە خۆی هەبوو،بۆنمونە **هۆگۆ** لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا،جەختی لەسەر سەربەستیی کۆمەڵ و هونەر دەکردەوە ، بەڵام نەیارانی بەرپەرچی ئەو بانگەوازەی

هۆگۆیان دەدایەوە ، بە بیانووی ئەوەی کە بەها و پێوەرە ئەدەبییە ڕاستەقینەکان دەشێوێنێ ، لەلایەکی ترەوە پێشەکیی (**ڕامانەکان**) ی لامارتین و شانۆگەریی(**کرۆموێل** ) ی هۆگۆ ئەگەری سەرەکیی گەلاڵەبوونی ڕێبازی ڕۆمانتیکی بوون.

- وازهێنان لە زمانی لاتینی ، کە بە زمانی ئاخافتنی چینی بەگزادەو بالاو ئەرەستۆکراتی دەزانرا،پەنابردنە بەر زمانی خۆماڵی و میللی،چونکە زۆربەی زۆری خەڵکی لێی تێدەگەیشت .

**ب: لەڕووی ژانرە ئەدەبییەکانەوە:**

I. شانۆگەریی ڕۆمانتیکی:

سەرەتاکانی ئەدەبی شانۆگەری ، بۆ سەردەمی ( **شا لویسی شانزەهەم – 1643** )





دەگەڕێتەوە ، کە لەو ماوەیەدا چەشنە شانۆگەرییەکی تێکەڵ وپێکەڵ و شێواو سەری هەڵدا،پێی دەگوترا ( **تراژیدیکۆمیدیا** ) ، کە تێکەڵ بوو لە دیمەنی تراژیدی و کۆمیدی ، کە لەمیانەی کاریگەریی شانۆگەریی شکسپیری و ئیسپانی سەری هەڵدا ، بەڵام لەبەرئەوەی کە کۆمەڵگای فەڕەنسایی لە سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە ، بە بابەتە کلاسیکییەکان کاریگەر بووبوو ، ئەو جۆرە شانۆگەرییەی پێ قبوڵ نەبوو ، بۆیە ڕووی لە جۆرێکی تر لە شانۆگەری دەکرد ، کە پێی دەگوترا (**میلۆدراما**) ، میلۆدراما بابەتەکانی لە ڕووداوە مێژووییەکانەوە وەردەگرت ، بە تایبەتی بابەتە پاڵەوانێتییە فەڕەنسی و ئیتاڵی و ئەڵمانی و ئیسپانییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست .

ewinebook.blogfa.com



سەرەتا شانۆگەرییەکانی شکسپیر ناوبانگییەکی باشی هەبوو ، کە لە شانۆگەرییە فەرەنساییەکان زیاتر بەناوبانگتر بوو ، بەتایبەتی شانۆگەریی (**هاملێت** ) ، پاشان ڤیکتۆر هۆگۆ لەمیانەی شانۆگەریی (**کرۆمویڵ**)ەوە ناوبانگیی دەرکرد .

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم ، جارێکی تر لەمیانەی کاردانەوەیەکدا ، بابەتە شانۆگەرییەکان گەڕانەوە بۆ سەردەمی کلاسیزم ، بەتایبەتی لەسەر دەستی ( **پۆنسار و دۆماس** ) و ( **فرانسوا کۆپییە** )ی نووسەری ( **لەپێناوی تاج** ) دا .

### II. شیعری ڕۆمانتیکی:

شیعری ڕۆمانتیکی بەوە دەناسرێتەوە ، کە زۆر بەپێچەوانەی شیعری کلاسیکی بوو ، بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە سۆزو ئەندێشەی کردبوو بە بنەمای سەرەکیی پێکهاتەیی و لە چوارچێوە کلاسیکییەکەش دەرچوو بوو ، شاعیرانی سەردەمی





کلاسیکییەتی وەکو ( **ڕۆنسار و هاوەڵەکانی** ) لە فەرەنسا ، ( **پیێترارك** ) لە ئیتاڵیا ، ( **گۆتییە** ) لە ئەڵەمانیا،(**بایرۆن**) لە ئینگلتەرا ، ڕێگاخۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدانی بەراییەکانی شیعری ڕۆمانتیکی ، کە پاش ئەوان شاعیرانی وەکو (**لامارتین و ئەلفرێد دومۆسییە و ئەلفرێد دوڤێنی و شیللی و هۆگۆ و ووردزۆرث** ) هاتنە نێو مەیدانی شیعری ڕۆمانتیکییەوە .

### III. ڕۆمانی ڕۆمانتیکی:

لە سەدەی هەژدەهەم ، دوو فاکتەری سەرەکی کاریگەرییان هە بوو لەسەر پەرەسەندنی هونەری ڕۆمان نووسین:

**یەك:** چیرۆکی ئینگلیزی –پێش چیرۆکی فەرەنسی هاتبوو– فاکتەری یەکەم بوو ، کە ڕۆمانی ڕۆمانتیکیی دەوڵەمەند کرد .

دوو: کاریگـــەریی ڕەوتـــی فیکـــری و گفتوگـــۆ سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئاینییـەکان ، بابـەتی ســـەرەکیی ڕووداوو نـــاوەڕۆکی ڕۆمانـــەکانی سەدەی نۆزدەهەم بوون .

**2-2-3: لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:**

گـرنگترین ئـەدگارەکانی ڕۆمانتیکییـەت لـەڕووی ناوەڕۆکەوە،لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا بەرجەسـتە دەبن:

1. **زاڵکردنی سۆز بەسەر بیردا:**

گـــرنگترین ئـــەدگارەکانی ڕێبـــازی ڕۆمانتیکییـــە ، کـــە لەســـەر بنـــەمای ســۆزەوە، دەقــی شــیعری تــەعبیر لــە هەستی دەروونیی شاعیر دەکات .

2. **گەڕانـــەوە بـــۆ سەرچـــاوە نەتەوایـــەتی و میللییەکان:**



ڕێبازە ئەدەبییەکان د . ئازاد عبدالواحد کریم

واتا گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ئەدەبییەکانی ســەدەکانی ناوەڕاســت ، بــە مەبەســتی شـانازی کـردن بـە کلتـوورو دابونـەریتی میللەتانی ئەوروپا،بۆ نمونە (**میشیلییە**) لـە گوتارەکانیدا،شـانازیی بـە ڕابـردووی فەڕەنساوە دەکرد .

2. **یاخیبوون و بنیاتنانەوە:**

ڕۆمانتیکییەکان لە هەموو بابەتێکی کۆن و تەقلیـــــدی و کلتـــــووری بـــــاوی کلاسیکییەت یاخی بوون ، بەو مانایـەی کــە لەســەر ڕوخانــدن و ڕەتکردنــەوەی تەقلیدییــەت ، دووبــارە دەســتیان بــە بنیاتنانـەوە کـردەوە ، کـە خواسـتەکانی ســــــەردەم و گۆڕانکارییـــــــەکان وای دەخواســـت وەڵامـــی تـــازە بـــۆ ڕووداوە تازەکان هەبێت .

ewinebook.blogfa.com



4. **دەرچوون لە بازنەی بابەتە ئەفسانەییەکان:**

مەبەست لە ڕەتکردنەوەی ئەفسانەکانی گریك و ڕۆمانەکانە ، لەگەڵ دووبارە خوێندنەوەی کتێبە ئاینییەکانی وەکو ( **تەورات و ئینجیل**)، واتا دانپێدانان بە ئایین وەکو سەرچاوەی ڕاستەقینەی بابەت و ڕووداوە مێژووییەکان .

5. **گەڕانەوە بۆ سروشت:**

ڕۆمانتیکییەکان سروشتیان کرد بە سەرچاوە،دیمەنی دڵڕفێنی کانی و ئاوو گوڵ و گوڵزارو کچی جوان ، دەزگیران و عەشقبازی،سەرچاوەی ئیلهامی شاعیران بوو.

6. **گەڕان و نامۆبوون:**

ڕۆمانتیکییەکان هەوڵیان دەدا لە وڵات و ناوچەکانی خۆیان دوور بکەونەوە ،





خولیای سروشتی دڵڕفێنی وڵاتانی ترو سیحرئامێزی ڕۆژهەڵات لە کەللەیانی دابوو، بۆنموونە ( **تیوڤێل گۆتییە** ) گەشتێك بە ئیسپانیا دەکاو وەسفی نازداریی کچە ئیسپانییەکان دەکات ،(**شاتۆبریان**) وەسفی گەرداوێك دەکات لە بیابانەکانی میسر،(**لامارتین** ) باسی سەردانەکەی دەکات بۆ میسر و سوریاو لوبنان ، ( **ئەلفرێد دوڤینی** ) لە دیمەنە دڵڕفێنەکانی تورکیاوە بابەتی شیعرەکانی نووسییەوە ، (**بایرۆن**) سەردانیی یۆنانستان دەکاو لەپێناویدا شەڕیش دەکات .

**پایەدان بە ئافرەت:**

ڕۆمانتیکییەکان ڕوویان لە ئافرەت کردو پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی باڵایان پێدا ،

ئافرەت لەلای ڕۆمانتیکییەکان سومبوڵی جوانی و نەشئەی ناز بوو ، بۆیە ئافرەت لە هەموو دەقە ئەدەبییەکاندا ئاستی بدیەکەمی پێدراوە.

7. **هەستکردن بە دژبەیەکەکان:**

**ململانێ فیکری و ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان،سەرچاوەی هزرو تێفکرینی ڕۆمانتیکییەکان بوو ، لەو ڕوانگەیەوە درکیان بە شتە دژبەیەکەکان دەکردو چارەسەریی زۆر لە کێشەکانیان دەدۆزییەوە.**

8. **هاندانی بەهرەو داهێنان:**

**هەموو تواناو شیانی ڕۆمانتیکییەکان لەپێناو گەشەپێدان و برەوی بەهرەو داهێنانی تاکەکەسی بوو ، بە مەبەستی بەرهەمی باش و باڵاو بەدەر لە لاوازی .**





9. **زاڵبوونی خەم و ململانێی دەروونی بەسەر شاعیراندا:**

**خەم و پەژارەو ژانی دووریی یارو تەنیایی و هەستکردن بە بێبەشبوون لە ژیان ، ماکێکی سەرەکیی شاعیرییەت و بەرهەمی ڕۆمانتیکییەکان بوو ، بە ڕادەیەك وای لێهاتبوو ڕەشبینی باڵی بەسەر بەرهەمەکانیاندا کێشابوو ، بەڵام ئەوە سیمایەکی دیاری ڕێبازی ڕۆمانتیکییەنەو پێی دەناسرێتەوە .**

## 3-3:**ڕابەرانی ڕۆمانتیکییەت**:

1. **مەدام دۆستایل** 1766- 1817:

**ناوی ڕاستەقینەی ( جێرمن نیکەر )ە، بەڵام نازناوی پیاوەکەی وەرگرت ، لە خێزانێکی ڕۆشنبیر – کە لە سویسراوە هاتبوو – لە پاریس لەدایك بووە،**